چیرۆک\ ئەوەی لە (سەبتە) گۆاوتەوە.. ن: محەمەد محزار.. وەرگێانی: موکەرەم هەشید تاهەبانی

خانمێک لە (سەردەمی داووخانی نائومێدییەوە) گوتی: هیچ شتێکی نوێ لێئارادا نییە؛ خێکی قیبلەنومایان لە ون بووە و، هەرکەسو بە خێی دەخوەنێت. ئامانج و ئاواتیان گەیشتنە بە باخکانی عەدن کە لە پشت دەریای ناوەاستەوەن، بەڵام ئەم پەویستی بەوە بوو لە خاکە داگیرکراوەکە تێپەڕن؛ ئەو خاکەی کە بگانە داگیرکەرکان تێیدا نیشتەجێ بوونە، ئەوانەی پێش سەدان سال، هەزاران مەریسکەییان دەرکرد بە ئەوەی خێیان لە سەلا، ێیبات، تێتوان و فاس جێگیر ببن. ئەوانە هەر خێیان بوون کە بەمبی کیمیاییان بەسەر ئەمازیغکانی لادێدا باراند و، فەرەنسییەکانیش هاوکاریان کردن، لەبەر ئەوە خێتابییان دوورخستەوە و، سزای شەرپەنجێیان بەسەردا سەپاندن کە تا ئەمڕۆش شوێنەوارکانی ماون.

بە دەنگێکی تووڕەوە پێم گوت: خانمەکەم، مەژوو خێی دووبارە دەکاتەوە و سەردەمی خۆتاندنی بینین و بیستن لە ناوچەکانی ئەمەدا نیشتەجێ بووە. خانمەکەم کارەساتی ئەمە ئەوێیە کە کەسانێک لە نەوانماندا هەن تووشی (سیندرەمی ستەکهەم) بوونە.

ئەویش لە کاتێکدا بە چاوێکی سووک و تووڕەوە لێی دەڕوانیم، گوتی: ئەمە سەردەمی پاشکشە و کەوتنە ناو خۆشەویستی ئەو کەسێیە کە بە ڕاستە سنووورکانی سەر نەخشەکانی کەشا و، جیایی لێنەوان کەسوکار و خۆشەویستاندا دروست کرد و، ئەم بەدگەانەی بەرهەمهێنا کە دێبینین. بگانە داگیرکەرکان هەر بە بگانەی داگیرکەر دەمێننەوە؛ ئەوسا دادگەکانی پشکنینی بیروباوەڕیان دامەزراندو، پێنایان بەر سووتاندن و، قازووخ و تێکشاندنی ئەسکی مەریسکەییەکان و جووکان برد و ئەوەتە ئەمەیش هەمان کار دژ بە خاوەندکانی ئەم خاکە دووبارە دەکەنەوە.

ئەم قسانەی کرد و پاشان پشتی تێکردم و ڕۆیشت.

هاوارم کرد و بانگم کرد: خانمەکەم ڕاوەستە! ڕاوەستە، قسەکانت دوو و گوهەرن!

بەڵام لە پڕ وەک تەمەک ون بوو، بوو بە تراویلکە.

سەیری دەوروبەرم کرد؛ گەشتیارەکان لەسەر لمە زەینەکان هاکشابوون، چەژیان لە تیشکی خۆر گەرمەکە وەردەگرت و منیش لەسەر کورسیەکی ئاسنین کە بە پەیەکی ئەستوور داپۆشرابوو دانیشتبووم و قاچەکانم لە ناو لمی گەرمدا نوقم بووبوون. ژنەکەیشم لە تەنیشتمەوە لەسەر کورسیەکی هاوشێوە پاڵ کەوتبوو، ئۆیش بەدوای گەرمیەکدا دەگەڕا کە ژیان بە جێستی بگەیەنێتەوە؛ ئەمە چەژمان لە جوانی دەریای ناوەڕاست وەردەگرت لە کەناری (کۆشکە بچووکەکە). بە ژنەکەمم گوت کە چل ساڵ لەمەوبەر سەردانی ئەم هاوینەهەوارەم کردووە، ئەو کاتە دەسەڵاتداران ڕێگەیان دەدا چادرەکان هاستوخۆ لە بەردەم کەناراوەکەدا هەڵبدرێن و، منیش لە سەرەتای ژیانی پیشەییمدا بووم، لەگەڵ سێ هاوڕێ لە شارێ جیاوازەکانی مەغریبەوە.
ژنەکەم گوتی: وێنەکانت لەو سەردانەدا گەواهی ئەوە دەدەن کە تەنجەکی یاخی و سەرکەش بووین، هیچ شوێنەکت لە باکووری شانشینەکەدا نەهێشتووە کە سەردانت نەکردبێت، تەنانەت شارێ داگیرکراوەکەش (سەبتە) لەوە دوا نەکەوتوویت خۆتی پێ بگەیەنیت.
منیش بە ناخۆشییەوە پێکەنیم و بە تەماناوە سەیرم کرد و گوتم: مەبەستت سەبتەیە! ئەو کاتە تەنیا بە پاسپۆرت چوومە ناو ئەو شارە، لەگەڵ ساڵح عەزامی هاوڕێم؛ یەک ڕۆژمان لەوێ بەسەر برد و پیاسەمان لە نێوان دوکانەکانیدا دەکرد کە کەلوپەلیان بە نرخی هەرزان دەفرۆشت، شوکولاتە، قووتووە پەنیر و، ئامێری تەمارکردنی دەنگی جۆری (سەنی) و شتی دیکەیشمان کڕی.
لەپڕ دەرکەوتەکانی ئەو ڕۆژەم لە مێشکدا گەشایەوە. لە بیانییەکی هاوینی مانگی ئابی سەدەی ڕابوردوودا لە ڕێگەی دەروازەی سنووری وەهمییەوە چوومە ناو سەبتە. لە تەمەنی بیست و سێ ساڵیدا بووم، لە لووتکەی گەنجی و هێزدا، چاوەڕوانی خۆشییەکانی ژیانم دەکرد و لەو بوارەیەدا بووم کە ژیان لەسەر تا بنی پڕی هی خەمە. ئەتەمبێلە کەنەکەم لە (کاستیخە) جەهێشت (کاتێك کێیم، دایکم بازنەکی زێڕی عەیار 18ی جاری سوێری فرێشت و یارمەتیی دام)، لەگەڵ هاوڕێکەمدا سواری تەکسییەکی گەورە بووین بەرەو دەروازەکە ڕۆیشتین. دوای ماندووبوونێکی زۆر پاسپۆرتم بەدەست هێنابوو. کاتێک ژنانی کۆهەڵگری قاچاخی کەلوپەلم دەبینی، بە هاوڕێکەم گوت: ئەوانە کارساتێکی گەورەکن و خەنجەرکن لە پشتی وەڵات درابێت. هاوڕێکەم بە دەنگێکی ناڕازیەوە قسەکەی پێ بڕیم و گوتی: ئەی دانای سەردەم، واز لە فەلسەفە بهێنە! قسەکەی دەم نەدرکاندو چوومە ناو سەبتەوە، لە کاتێکدا نەفرەتم لە ئیزابێلا و فەرناندۆ و پاشای پورتوگالی جێنی یەکەم دەکرد، لە هەمان کاتدا داخم بە بەهەزی بەنی مەزیەن و بە توانایی میری غەرناتە ئەبوو عەبدوڵا محەمەدی دوازدەم (ناسراو

بە زەغبی) دەخواردو لەبەر خەمەوە گوتم: خۆزگە سولتان مەولای ئیسماعیل گەمارۆکەی لەسەر کوانی ئەبوو نەقعە دروژ بکردایەتەوە.
بە ماوەیەک بەئومێدیە مژوویەکانم فەرامۆش کرد و، لەگەل هاوڕێکەمدا بە شەقامەکانی ئەو شارەدا پیاسەمان کرد کە قازی عیاز، شەریف ئیدریسی و، ئەبوو عەباسی سەبتی لە لەدایک بووبوون. سەردانی بازاڕەکانی هیندیەکانمان کرد و دوو ئامێری کاسەتی جۆری (سۆنی) و کاتژمێری (کاسیو)مان کڕی، سەردانی (مەرکادۆ هادۆ)یشمان کرد و تەپی پەنیر، جلی وەرزشی (ئەدیداس) و پێڤاوی (پوما)مان کڕی؛ شەتی بازاڕکردن دایگرتین و، وای کرد گرنگی بە شوێنەوارەکانی شار داگیرکراوەکە نەدەین و، لە کۆتاییدا تەنیا بە پیاسەیەک لە گەڕەپانی ئەفریقیا وازمان هێنا و وێنەی یادگاریمان گرت و، سەردانەکەمان بە خواردنی ژەمێک ماسی برژاو و ژمێك (بایلا) بەرهەمەکانی دەریا کۆتایی پێ هێنا. ئەوارەکەی شارەکەمان بەجێ هێشت و بە بارێک کڵوپێڵ و خواردەمەنیەوە، بە شاری فنەدق و پاشان بە چادرەکەمان لە ناوچەی کێشکە بچووکەکە گەیاندەوە.
ژنەکەم لەو بیرکردنەوە بەئاگەی هێنامەوە و، داوای لە کردم بە کەنار دەریاکەدا پیاسەیەك بکەین؛ گوتی پێویستمان بەوەیە چێژ لە شێڵەکان وەربگرین و قاچمان تەڕبکەین، ئەگەر پێویستیشی کرد جەستەیشمان تەڕبکەین. چونکە هیچ شتێک وەگری ئەوەمان لە ناکات دە و مەشکمان نوێ بکەینەوە، لە پشت گوێتین و خەڵادەستکردنی کێشەکانەکان و ململانێی هەمیشەیی لەپێناو خزمەت و پەروەردەکردنی خۆزان و منداڵەکاندا هێز بە کاتەکانمان بگەیینەوە. لەگەڵ ئەوەیش زەردەخەنەیەکی دڵگەرمانی بە کردو گوتی: پێویستە بە ماوەیەکی کاتی لەو تاشەبەردەی سیزێف کە قورسایی خستووەتە سەر پشتمان وەزگارمان ببێت و، تەکنەی یاریی ئەو شادیە ببین کە لە ناخی ناخیشیەکانەوە هەڵقەزراوە؛ چونکە ساڵانی ماوەی تەمەن (تەنانەت ئەگەرچی تەمەنیش بە دەستی خودایە) پێویست بوو دەکات سەرنجی خەمان بدەین و، لەگەڵ نزیکترین کەسەکانماندا چێژ لە چرکە بە چرکەی کاتەکانمان وەربگرین.
داوامان لە ژن و مەردەکی گەنج کرد، کە لەگەڵ کچە بچووکەکەیاندا دانیشتبوون، چاویان لە کڵوپێڵەکانمان بڕێت و، بڕەو دەریاکە زیشتین لە کاتەکدا ئەو ساڵانەمان بەجێ هێشت کە قورساییان خستبووە سەر شانمان. هەنگاوەکانمان دژمارد و پێشوازیمان لە سروەی فێنکی دەریا دەکرد؛ زەر پیاسەمان کرد و یادەوەرییەکانی ژیانی ڕابوردوومان بیردەهێنایەوە، ئەو ساتانەی کە جێگەکەمان بە جگەرگۆشەکانمان ڕازابوەوە و، ئەو ناخیشیانەی لەپێناو پەروەردەکردنیاندا چێشتمان تا توانییان خۆیان پێ بگەیەنن و بەسەر

هەموو سەختی و کەسپەکاندا سەرکەون.
لەپڕ لە بەردەم دەریادا وەستاین؛ شەپۆلەکان لەژێر پەماندا دەشکانەوە و، شینیی ئاوەکە هەستەکی جوانیخوازی گەشەندووی لە ناخماندا دەبزواند. لەوشەوە، لە کەتایی مەودای بینیندا، چیای تاریق لە بەری ئەودیوەوە دەرکەوت؛ چیایەک کە گەواهی ئەوە دەدات پیاوەک بە ناوی تاریق، لەگەڵ گرووپەک لە هاوزمانێ ئەمازیغەکانی و، دەستێیەک لە عەرەبە فاتیحەکان، ڕەنگە ڕۆژەک لە ڕۆژان لە هەمان ئەو شوێنەدا وەستابن کە ئەمە ئێستە لێی وەستاوین، لە کاتێکدا ئامادەکارییان دەکرد بۆ پێینەوە بەرەو بەری ئەودیو، ڕوویان لەڕۆی ئەندەلوس دەکرد و چاویان لە فەرمانەکانی مووسای کوڕی نوسەیر، والیی ئەفریقیا دەپشی، کە دواتر سولەیمانی کوڕی عەبدولمەلیک لێی تووڕە بوو؛ چونکە ئەو بە دەستکەوت و دیلەکانەوە چووە ناو شاری دیمەشقەوە لە کاتێکدا خەلیفە وەلید لە گیانەڵادا بوو، بۆ ئەوەی گوێ بداتێ ویستی سولەیمان کە داوای لێکردبوو لە چوونە ناو شارەکە پەلە نەکات، تا فەتح و سەرکەوتنی سەربازی بۆ ناوی سەردەمە نوێیەکەی ئەوەو تەمار بکرێت. تفوو لە پلە نزمیی فەرمانڕەوایان و چاوچنۆکییە تەسکەکانیان کە باجێکی قورسیان لە جەنگاوەرەکان سەند؛ لەبری ئەوەی ڕێزیان لە بنەن، ئاکام تاریقی کوڕی زیاد بە فەرامۆشکراوی لە کۆتانەکانی دیمەشقدا دەسووڕایەوە، مووسای کوڕی نوسەیریش دوورخرایەوەو گۆشەگیرکرا، بۆ ئەوەی تاشەبەردەکە وەک شایەتێکی هەمیشەیی بمێنێتەوە کە گەلان خەیان مەژوو دروست دەکەن، لە کاتێکدا زەربەی جاران فەرمانڕەوایان بەرهەمەکانی تێکدەدەن.
ژنەکەم بە تێنێکی تانئامێزەوە گوتی: پەدەچێت گوتارێ بەناوبانگەکەی تاریق (ئەی خەڵکینە، بە کوێ هاتووین؟ دەریا لە پشتتانەوەیەو دوژمنیش لە پێشتانە…) لای ئەمویێکان هیچ دادی نەدابێت!
منیش بە دەنگێک کە گومانی لەخۆدەگرت گوتم: تاریقی ئەمازیغی دڵپاک هیچ پێوەندییەکی بەو دۆقە هەڵبەستراو و دەستکردەوە نییە، کە تەنیا لە کتێبی ‘نَفْحُ الطِّیب’ی مەقەیدا ناوی هێنراوە، کە کتێبێکە لە سەدەی یازدەی کۆچیدا نووسراوە.
پاشان بەردەوام بووم و گوتم: محەمەد کوڕی تاویت، ڕەحمەتی خوای لێبێت، ئەو گوتارەی تەنیا بە داشتنێکی ئەدەبیی دەرەنگتردانراوە کە مەژوونووسان لە سەردەمە ئیسلامییەکانی دواتردا وەک جۆرێک لە ڕازاندنەوەی دراماتیکی بۆ ئەو شانە دایانناوە کە سوپاکەی تاریقی ئەمازیغی کردوونی، کە لە ڕووی سیاسییەوە لایەنگری عەرەبەکان بوو.

کۆمەڵم تاریق هات و لە کەرکردنەوەی کەلوپەلەکانمان یارمەتی داین؛ گوتی ئەمە کەشوهەوا گەرمە و پێویستە شلەمانی زیاتر بخەینەوە. زۆر دڵخۆش دیار بوو، لە کاتێکدا کەوتە نەوانمان و کەناری دەریاکەمان بۆ دەهشت و بۆرەو ئۆتۆمبیلە دوایشتین کە لە شوێنی وەستانەکە ڕاگیرابوو. گوتی ئەمە بەڵای ئەوەوە گەورەترین خۆشی و دەرکەوتنی جوانین، درێژەی دایەو گوتی: لەم ڕۆژانەدا کە ئەوەم لەگەڵ ئەوە لە داستانی خۆشەویستییەکی هەقوناو و، کانیی بەختەوەرییەکی هاوئاهەنگ دەچێت، هیچ شتێک لەڵای من ناگاتە ڕازامەندیی ئەو تەنیا مەگەر ئەو خۆشەویستییە نەبێت کە خۆشم دەوێن.

کاتێک لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا جێگیربووین و تاریق لە پشتی ستێرنەکەوە دانیشت، زەردەخەنەیەکی بە کردین و گوتی بە خواردنی ژەمە ماسییەکی خۆش لە چێشتخانەی ناوخۆ بانگهێشتتان دەکەم کە لای گشتیاران زۆر بەناوبانگە. بە دوودڵی نواندن پێمان خۆش بوو؛ سلفەکی لە دا و پێی بە بنزینەدا نا، ئۆتۆمبیلەکە بە ڕێگە کەناراوییەکەدا ڕۆیشت و سروە بایەکی شەدار بۆر دەموچاومان کەوت و، هەستەکی بەختەوەری لە ناخماندا دروستکرد، کەشی گشتی بە ساتەکی ئاهەنگگێڕانی سیحرئامێز گرتی کە پڕ لەشادی بوو، لەو شەپۆلە فێنکەکانی دەریا تەکەڵە بە ئاوازە میوزیکە هەمنەکان دەبوون لە ناو ئۆتۆمبیلەکەدا لەو کاتەی بە ڕێگەوە بەرەو چێشتخانەکە دەچووین.

کاتێک گەیشتینە چێشتخانەکە تاریق ئۆتۆمبیلەکەی ڕاگرت، پاشان چووینە ژوورەوە و مەزەکمان هەڵبژارد کە ڕووی لە کەنار دەریاکە بوو، ڕاستەوخۆ دەیوانییە شینایی دەریاکە؛ ئاوە شینە لازەردییەکە بە لەشاوەکی خۆشەویستییەوە پێشوازی لەکردین و بە گەرمییەکی خۆی دایپێشین. گارسۆنەکە لیستی خواردنەکانی پێشکەش کردین، دوای گفتوگۆیەکی کورت لە نێوان خۆماندا، داوای ژەمە ماسییەکی برژاو لەسەر خەووز و مەنجەڵەک (بایلا)مان کرد. ژنەکەم لە بارەی دوایین هەواڵەکانی قەیرانی شاری (سەبتە)ی داگیرکراو لە تاریقی پرسی، ئەویش لە وەڵامدا گوتی: ئەو مەغریبییانەی کە خەڵەتێنرابوون، بە خاکی نیشتمانەوە، دوای ئەوەی قەبارەی ئەو ناخۆشییەی ئەوە و گەزپەرستی ئیسپانییەکانیان بە دەرکەوت، مەغریبیش ڕێکیکردەوە پیاوانی ئەفریقیا و عەرەبەکانی باکووری ئەفریقیا و ئاسیا وەربگرێتەوە.

منیش بە تەنکی تووڕەوە گوتم: بەداخکی زۆرەوە، مەردمنداڵان و گەنجان بە یاریپێکردنی لاپەڕە دەرکییەکان و گرووپەکانی (واتسئاپ) بەجێ هێڵران کە لە وڵاتێکی دوژمنەوە چالاکن، لە کاتێکدا پێویست بوو کە لە قاووغی خۆیاندا چوارچێوە بکرێن؛ چونکە ئەمە لەگەڵ

بانـــدە دەنـــدەکانی بازرگـــانیکردن بە مـــرۆڤەوە لە جەنگەکـــی سایبەریداین.
ژنەکەم لەبارەی قسەکانی منەوە گوتی: خەریکە ڕۆی خەزان بە تەواوی نامەنەت، سەبارەت بە کەمەڵەکان و پارتە سیاسییەکانیش، کارەکانیان وەرزیەو ڕەخنەیان لە ڕەنـــوێنیکردن و هەشیارکردنەوەدا بە تەواوی نەماوە.
تەنیا سەیریم کرد و سەرم بە نیشانەی ڕەزامەندی ڕاوەشاند؛ هەستم کرد کە زۆر قسەکردن لە بارەی ئەم بابەتەوە بێسوودە، چونکە ئێستە سەردەمی کردارە و لە کۆتاییدا زۆربەیی تەنیا ژاوەژاوەکە بە شەویەك خاڵە لاوازەکان لە بەردەم دوژمنانداد دەردەخات. سەردەمەکە بە لای منەوە نەخشە و ئەو مەگەلەی کە دوای خەیاڵ پڵاوی کەوت، بە بیرکـــردنەوە ڕەفتـــاری کـــرد و بە خەرایـــی خەی ڕادەســـتی کەمپینە دیجیتاڵییەکان کرد، بە ئەوەی لە ڕاستی، یان ناوەڕۆکی ڕاستەقینە بکەڵتەوە؛ ئەمەش هەمان ڕەفتاری مەگەلە، وەك دیاردەیەکی دەروونی و کەمەڵایەتی کە تێیدا تاکەکان دوای کردار، یان ڕای کەمەڵەکە دەکەون بە بیرکردنەوەی قووڵ، یان شیکردنەوەی سەربەخۆ، گەستاق لەبەن بەاوبوونەوەی بیرکە و هەستەکان لەناو جەماوەر و خەکدا بە بەاوبوونەوەی پەتا و مایکرۆب چواندووە.
دەنگی ژنەکەم بەئاگەی هەنامەوە کاتێك گوتی: دەتبینم نوقمی بیرکردنەوە بوویت، بۆچی بیرەکەکانت لەگەڵ ئەمەدا بەش ناکەیت؟
منیش بە جەش و خرۆشەوە گوتم: (ڕەفتاری مەگەل)ی گەستاق لەبەنم بیرکەوتەوەو لە کتێبەکەیدا (سایکۆلۆجیای جەماوەر) ئەو شیکردنەوە بەپێزەی باس کردووە.
تاریق هاتە ناو باسکەوە و گوتی: لەبەن زۆر لەهاتوو بوو لە جەختکردنەوەی لەسەر ئەوەی کە ئەو تاکەی تێکەڵی جەماوەر دەبێت، دەکەوێتە دەخێکەوە کە لە بە هەشیی موگناتیسی دەچێت؛ چونکە هەزە عەقڵییەکانی دەکەونە ژێر کاریگەریی هاندەر، یان سەرکردەکەوە.
گارسەنەکە هات و داواکارییەکانی هەنا؛ بەنی ماسییە تازە برژاوەکە لە قاپەکانەوە دەهات و زۆرتر ئارەزووی دەکردینەوە تا بیخێین.
دەستەواژەی سەرسامبوونمان بە تامە خۆشەکەی گەییەوە و چاومان بەرز دەکردەوە بە ئەوەی چێژ لە دیمەنی شێڵەکان لەسەر کەنار دەریاکە وەربگرین، بەمەش چێژی خواردنەکە تێکەڵ بە جوانی دیمەنەکە دەبوو.
هەندێك لە ئارامی و هەمنی خەمم بەدەست هەنایەوەو بە ماوەیەکیش لە مەینەتی (هەشیاریی بەدبەخت) ڕزگارم بوو؛ بەیارم دا خەم و تووڕەیی خەم لە گفتـــوگۆیەکی تانئامێزدا لەگەڵ ژنەکـــەم و کەسەکەمـــدا بشارمەوە، لە کاتێکدا دوای ئەو ژەمە خواردنە بچێژە، بە شەوازی

باکوور خەریکی خواردنەوەی پەرداخە گەورەکانی چای نەعنا بووین. بە گاڵتەجارییەوە لە تاریقم پرسی: چەن سەیری دەخی ئەستە دەکەیت ئەی ئەو تاریقەی کە ئێندەلوسی داگیرنەکرد؟ (لەگەڵ داوای لێبوردن لە نووسەری کەچکردوو مستەفا مەسناوی بە ئەوەی ناوونیشانی کەمێک چیرۆکەکەیم لە خواست).
تاریق هەندێ پەکانەی تا ددانەکانی دەرکەوتن، لە کاتێکدا بە ڕوخسارێکی پڕ لە سوپاسگوزاریەوە سەیری من و دایکی دەکرد، گوتی: بە پێچەوانەوە، من (ئێندەلوسم داگیرکرد) بە پێچەوانەی پاڵەوانەکەی مەسناوییەوە کە باڵاپۆشی داگیرکاریی پێشیو، بەڵام لەبری ئاوەی بە گەرووەکەدا بپێتەوە و ڕووبەڕووی سوپای (داگیرکاران) ببێتەوە، لە گۆشەیەکی خانووە تەنەکەیینەکەیدا کەنەفت دەبێت بە ئاوەی سەربازە ئەندێشەییەکانی کە لە ناوکە خورما و پاشماوەی جگەرە دروستی کردوون ڕیزبکات! من داگیرم کرد چونکە دایک و باوکەکم هەیە کە لە تەندروستی و هەزی خەیان بەخشی تا من بخوێنم، بەیە لە ئێندەلوس تەپڵیم و لەو شوێنەدا نەوەستام کە غافقی لێی وەستا، چوومە ناو خاکی فەرەنسییەکان و بەشی خەم لە زانست وەرگرت، ئاوانیش پاسپۆرتە سوورەکەی خەیانیان پێ بەخشیم و پێشوازییان لە کردم، ئەمەیش نەک لەبەر چاوە ڕەشەکانم، بەڵکە لەبەر پێویستییەک بوو کە لە ناخیاندایە.
وەکو بەهەزەکەی تاریق منی بەدەنگ کردو زەرلە مەترسییەکانی ڕەواندەوە و ئەوەی بیر هەناسەوە کە گەنجانێک هەن بە ئاقڵ و زانستی خەیان وەاتی فەرەنگییەکان داگیر دەکەن و لە نەوانیاندا دەژین، وەکو ئەی مەینەتی کەچەری، وەک کەسێکی کاریگەر، نەک وەک کەیلەیەک کە تاشەبەردی سیزەف لەسەر پشتی بێت.
لە ناخی خەمدا بیرم کردەوە: چەندە جیاوازی لە نێوان خەیاڵ پاڵەوانی ئەو مەگەلە هەیە، کە دوای ئەو هاندانە سیستماتیکە کەوتووە کە سکرینەکانی مۆبایل و تابلێتکان بەاوی دەکەنەوە و لە نێوان ئاواتی ئەو گەنجانەی کە بە کارامەییەکانی زانستگەلی پشبەکەکارانە چەکدارن، ئەوەی لە کەوتنە ناو تەڵەی کەیلایەتی هاوچەرخەوە دەیانپارێزێت؛ چونکە سیستمی سەرمایەداری ڕەژاوایی لە ڕەگەی (بەهای زیادکراو)ی مرۆڤەوە لە بازاڕدا سەیر دەکات، بەبێ زانست، ڕەشنبیری، و پیشەییبوونی باڵا، ئەم سیستمە کەچەر لە مرۆڤایەتییەکەی دەماڵێت و بە تەنیا هەزەکی کاری ڕووت دەیگەڕێت.
چەکی زانست ئەو شتەیە کە کەچەر لە پەنابەرەکی ئابووریەوە بە هاوبەشەکی مەعریفەیی دەگۆڕێت.
کات تەپەی و ئاگەمان لە هاتنی کاتی ئاوابوونی خەر و خلیسکانی بەرەو ئاسۆ نەبوو، کە شوێنی خەی بە سووڕایی دەمەو ئەوارە جەهەشت

تا ئاسمان سوور بکات و مژدەی هاتنی ئەوارە بدات. چەشتخانەکەمان بەرەو تەنجە بەجێ هەشت، کە لەوە لێ یەکێک لە هەتلەکانی گەڕەکی (مەرشان) دابەزیبووین.
خانمێک لە (سەردەمی تەکهەڵچوونی دەزووکان و گەڕانەوەی سەرچاوە و چەمکەکان) گوتی:
ئەی ئەو سوارچاکەی لە سەردەمی مانگاوە دێیت
تەمومژ پێوەندی بە تاوە نییە
ئەی ئەو باڵندەیەی لە فراوانی شادیدا دەفڕیت
خەم لە تە نایەتاوە
ئەی ئەو سوارچاکەی لە خەرمەشی نەبوونەوە زیندوو بوویتەوە
خۆشەویستی هیچ مەژوویەکی نییەو
پاشکۆکردن لە جەنگیش نەکەردەنییە…
شەی خۆشەویستی بەردەوام.. تا ژیان بەردەوام بێت و
زمانی شانازیش کز نابێت.. چونکە کات فەری کردم کە خۆشەویستی بەردەواميیە
لە وەڵامدانەوە پەلەم نەکرد، پاشان بە تەنەکی هەمن گوتم:
لە نەوان واقیع و وەمانسییەتدا دەزوویەکی تەنک هەیە و ئەمە هەمیشە پێویستمان بە قووڵاییەکی ویژدانی و خەیاڵێکی سەرکەش بە گەیشتن بەوەی دەماناوێت؛ چونکە هەموو پرۆژە مرۆییەکان بە بیرکەو تەوانینەکی دیاریکراو دەست پێ دەکەن و پێویستمان بە زانست و توانای دەزینەوەی وەبازەکی وەکخراو هەیە، تا ئەنجامەکی جێی وەزامەندی بەدەست بهێنین.
لە بالکەنی ئەو جەگەیە دانیشتبووم کە لە هەتلەکە گرتبوومان؛ کەشوهەوا مامناوەند بوو، مانگی تەواو بە ئاسمانی تەنجەوە دەدرەوشایەوە. (مریەم)ی ژنم و (تاریق)ی کوڕم لە هەڕە بچووکەکە دانیشتبوون و لە کەناڕە بیانییەکانەوە بەدواداچوونیان بە دوایین گەڕانکارییەکانی وەوداوەکانی سەبتەی داگیرکراو دەکرد. دەمزانی ئەوان شتێک نابیسن کە دەخشیان بکات، بەڵام ئەو شتە دەنیاییەی کە ئەم کەناناڵانە ناتوانن بە ئاسانی بەسەریدا تێپەڕن، ئەوەیە کە جیهان بەی دەرکەوتووە ئیسپانیا تا ئێستەیش لە سەردەمی جیهانگیری و وەزگرتن لە مافەکانی مرۆڤدا، دوو شاری مەغریبی و بیست و سێ دوورگەی داگیرکردووە.
بەوایەکم هەبوو لە کاتێکدا فنجانە قاوەکەم دەخواردەوە و لە نەوان پەنجەکانمدا جگەرەیەک دەسووتا، کە کەموکوڕییەک لە وەگ و وەسنایەتی وەاتدا هەیە. (سەرەڕای ئەوەی پێش چل ساڵ وازم لە جگەرەکەشان هێنابوو؛ بەڵام داوای لێبوردنم لە ژنەکەم و کوڕەکەم کرد و دوو جگەرەم بە قست کڕی؛ چونکە هەستم بە تووڕەیی دەکرد و

پەویستم بە هەکارێک بوو بۆ دەرکردنی ئەو وزە و گوشارە گەورەیەی کە لە ناخمدا دەکوڵا).
خانمەکە کە لە سەردەمی (هەشاریی بەدبەخت)ـەوە هاتبوو، گوتی: نەوەی کەمتیارەکان قیبلەنومایان لە ون بووە و لە ناو تەمومژی کۆچەریەتی و دابڕاندا هێندە قووڵ بوونەتەوە، کە هێندەکیان لە بەردەم میدیاکانی فەرەنگیدا قسەی خراپ دژ بە وڵاتەکەیان دەکەن و وادەزانن کە ئەوانە هاوسەزییان لەگەڵدا دەنوێنن. ئەوەی جێی پەکەنینە ئەوەیە کە میدیاکانیان و تەواوی هاووڵاتیانیان بە دەفتەرەکانی مەژوو گەڕاونەتەوە بۆ ناو هۆوداوەکاندا دەگەڕێن و وەسیەتەکانی ئازابڵای دایکیان دووبارە دەکەنەوە. وادیارە نەوەی کەمتیارەکان مەژووی وڵاتەکەی خۆیان نەخوێندووەتەوە و شێوەی (وادی لەبەن)یان لە ناوچەی تیسە فەرامۆش کردووە، کە سوپاکانی سوڵتان سەعدی ئەبوو محەمەد عەبدوڵا ئەلغالیب، وەک سوپاکەی حەسەن پاشای کوڕی خێرەدین بەربەرەسی عوسمانی والی جەزائیریان دایەوە، کە وای دەزانی دوای تیرەرکردنی محەمەد شێخی سەعدی مەغریب بووە بە پارووێکی ئاسان و لە وانەو پەندی (وادی مەخازن) نەگەیشتن کە لەسەر کەناراوەکانیدا خەیاڵەکانی ئیمپراتۆریەتی پورتوگال لەژێر سمەکانی ئەسپەکانی مەنسووری زێرینداڵ هەپروون بە هەپروون بوون. ئەم نەوەیەی کە لە هەگوێشەی خۆی دابڕاوە، ئەوەی فەرامۆش کردووە کە چۆن یووسفی کوڕی تاشفین لەگەڵ سوارچاکەکانیدا هات تا لە شێوەی (زەلاقە) تەختی قەشتاڵە بلەرزنەت و کەوتنی ئەندەلوسی بە چەندان سەدە دوابخات و چۆن یەعقووب مەنسووری موەحیدی لە شێوەی هەمیشەیی (ئەرک)دا لەووتبەرزیی ئەلفەنسەی هەشتەمی لەناوبرد و هەزی داگیرکەرانی لە ناو ماڵی خۆیاندا تەکشکاند. ئەوانە ئیدی ئەوەیان بیر نایەتەوە چۆن مەریسکە دەرکراوەکان بە سەرکردایەتی (خانمی ئازاد) وەرانکاریی تەتوانیایان بە قەڵایەکی خەباتی دەریایی گەیی کە کەشتیگەلە هەژئاوایەکان لە گەرووی جەبەل تاریق لێیان دەترسان و دەلەرزین و ئەوەشیان بیر نییە چۆن چیاکانی لادەکان بەهۆی غازە کیمیاییەکان و جەنگە پیسەکانیانەوە بوون بە گەستان. ئەوەیان لەبیر نییە کە ئەم نیشتمانە داوای هاوسەزی لە پایتەختە فەرەنگییەکان ناکات، بەکە شکۆمەندییەکەی بە هەی خوێنی شەهیدان و ئیرادەی سوارچاکە ئازادەکان و خەباگریی نەتەوەیەک دروست بووە کە لە بەربەیانی مەژووەوە چەمانەوە نەت دەکاتەوە.
گوتارەکەی خانمی (هەشاریی بەدبەخت) مەشکی گەژکردم و هەستی ناخی وروژاندم و ویستی شتێک بکەم، یان چەندان شتی دروست کرد تا گوتارە بەهەز و قووڵەکەی بەاوببتەوە. لەپڕ پرسیارێکی کوتوپڕ هەرشی بە هەنام: دەبەت کە بەت ئەم خانمی سەردەمی هەشاریییە

بەدبەختە کە قسەکانی لە گوللەی تەپ دەچێت بە بێئاگاهێنانەوەی ئەوانەی لەناو هەنگویندا نوستوون؟ ئایە ئەو خانمە ئازادە هاوسەری مەنزرییە، یان زینەبی نەفزاوییەی هاوسەری کوێی تاشفینە، یان خەناسەی کچی بەکار ژنی مەولای ئیسماعیلە، یان ڕەنگە فاتیمەی فەهری، یان کەنزەی ئەورابی بێت، یان ڕەنگە سورەیا شەویش بێت؟
ناتوانم وەڵام بدەمەوە، بەڵام دڵنیام: ئەو هەموو ئەم ژنە مەزنانەیە، مەزنییەش تەنیا بە خوای تاك و تەنیا و بێدەسەڵاتە!
هەستم بە وروژمێکی گەرمیەکی سەیر لەناخمدا کرد، گوتە بەناوبانگەکەی غەزالیم بیرکەوتەوە: ناتوانرێت لەو جوانتر دابهێنرێت کە داهێنراوە، لەبەر خەمەوە گوتم: ئەمە واقیعێکە ناتوانین هیچی لەگەڵ بکەین تەنیا ئەوە نەبێت کە ئاشتەوایی لەگەڵ بکەین و بە ئەنجامەکانی قایل بین.
بەڵام زۆری نەخایاند دەنگەکم بیست کە لە سەرتاوە پەم وابوو ناخۆشە، بەڵام تا دەهات بەرزتر دەبووەوە؛ سەرچاوەکەی دیار نەبوو، دەیگوت: ئەی ئەوانەی لەسەر سنگمان دانیشتوون، ئەی ئەوانەی زەردەخەنەتان لەسەر لەوارەکانمان تیژر کرد و ڕەگەکانتان پێ لە مین و بزماری تیژ کردین، ئەی ئەوانەی تەوی شکانتان لە دەماندا چاند و ئاواتەکانتان مەمیا کردین، ئەی دزەکانی شادی، چی شتێکتان ماوە لەسەرمان تاقیتان نەکردبێتەوە؟ چیتان ماوە بەرانبەر بە ئەمە نەتانکردبێت؟ ئەمە چەندان جارە ستەمگەلی ئەوەمان چێشت، چەندان شەوازی جەراوجەری ئێشکەنجەدانی ئەوەمان بینی؛ دەمتان بەستین، سزای بەدەنگی هەمیشەییتان بەسەر زمانەکاندا سەپاند. ئەی ئەوانەی لەسەر سنگمان دانیشتوون، ئەمە ئەمڕۆ هەوای گەڕانکاری و چارەسەر هەڵدەمژین، چونکە جەستە گەورە بووە و کراسەکە تەسک بووەتەوە و ئارامگرتنیش ئیدی نەبووە بە کلیل بۆ ڕزگاربوون؛ چونکە ڕزگار

لە نێوان پێیامی درێن و ئاشتەواییدا.. جوتیار مەلاێ ئوف

.

هەرشی درێنی بۆ سەر نووسینگەی مەسرور بارزانی نابێت تەنها وەک

ووداوەکی ئەمنی بخوێندرێتەوە، لە ناوچەیەکدا کە دژن و مووشەک بوونەتە زمانەکی تازەی پەیام ناردن، زۆرجار گرنگتر لەوەی (بە چی لەدرا؟) ئەوەیە بپرسین بۆچی ئەو شوێنە لەدرا و پەیامەکە بۆ کێ بوو؟.
ئەگەر هەرشەکە لە بازنەی ململانێی ئێران و ئەمریکادا بخوێنینەوە، ئەوا هەڵبژاردنی نووسینگەی سەرەکی حکومەت و دامەزراوەیەکی هەستیار لە بواری ئاسایشدا بە هەڵکەوت نایەتە بەرچاو، ئەوە زیاتر لە هەرشەک کە بە سەر باڵەخانەیەکە، هەرشەکە بە سەر ناوەندی بڕیار و دەستەڵاتی سیاسی.
پەیامەکە دەتوانێت ئەوە بێت، کە هەرەمی کوردستان ناتوانێت خۆی لە گەمانکاریی گۆڕەکانی ناوچە بە تەواوی دوور بگرێت، نزیکی هەولێر لە واشنتن، بوونی ئەمریکا لە هەرەم، پەیوەندییە ئەمنییەکان و بوونی گرووپە ئەپزسیۆنە کوردیەکانی هەژهەوڵات، هەمووی وای کردووە کوردستان لە چاوی تاران تەنها دراوسێیەکی ئارام نەبێت، بەڵکو شوێنێک بێت کە لە کاتی قەیراندا دەتوانێت بەشێک لە هاوکێشەو فاکتەری فشار لەسەر ئێران بێت.
بەڵام لەرەدا پەویستە جیاوازییەکی بنەڕەتی هەست پێ بکرێن، هاوبەشیبوونی ئەمریکا شتێکە، بەشداربوون لە جەنگی دژ بە ئێران شتێکی ترە، تا ئێستا هیچ بەڵگەیەکی ڕوون نییە کە هەرەمی کوردستان بڕیاری دابێت خاکی کوردستان بکاتە پلاتفۆرمی هەرشی ئەمریکا یان ئیسرائیل بۆ ناو ئێران، بە پێچەوانەوە، هەرەمی کوردستان لە ساڵانی ڕابردوودا هەمیشە هەوڵی داوە هاوسەنگییەک لەنێوان پەیوەندیی ستراتیژی لەگەڵ ئەمریکا و پەیوەندیی ناچارکراوی جوگرافی لەگەڵ ئێراندا بپارێزێت.
ئەو هاوسەنگییە لە دەرەوە زەنگی وەک دووددیەک دیاربێت، بەڵام لە ڕاستیدا لەژیکی مانەوەی قەوارەیەکی بچووکە لەنێوان هێزە گەورەکاندا، کوردستان ناتوانێت ئەمریکا پشتگوێ بخات؛ چونکە واشنتن هێشتا بۆ ئاسایش، پشمەرگە، هاوکارییی نووددەوڵەتی و هاوسەنگیی ناوخۆی عێراق گرنگە، بۆ هەمان شێوە، ناتوانێت ئێران وەک دراوسێیەکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵ بکات؛ چونکە تاران توانای مووشەکی و درۆنی، کاریگەریی سیاسی لە بەغدا و پەیوەندی و کاریگەری زۆری لەسەر هێزە میلیشیانکانی ناو عێراق هەیە.
بۆیە کێشەی سەرەکیی کوردستان ئەوە نییە کە (لەگەڵ ئەمریکا بێت یان لەگەڵ ئێران)، ئەو پرسیارە لە بنەڕەتدا هەڵەیە، پرسیارە دروستەکە ئەوەیە، چۆن کوردستان دەتوانێت لەگەڵ ئەمریکا بمێنێتەوە، بەبێ ئەوەی ببێتە بڕێی پشێوەی جەنگ دژ بە ئێران؟ بە بۆچوونی من دواهەمین هەرشی درۆنیی، بەرپرسیارێتیەکی هەر لایەن

و گروپێک بێت، یەک ئاگادارکردنەوەی سیاسیی زۆر ڕوونی هەیە، کە ئاوێش کوردستان بە خراپی لە(دۆزەوەی بازنەی قەیرانی جێنگۆ دەخاتە ناو بازنەی قەیرانی جەنگ)، کە ئاوڕش بەهەڕەمی کوردستان زۆر مەترسیدارە، چونکە کاتێک هەڕەم دەبێتە شوێنی ناردنی پەیام لەنێوان تاران و واشنتن، ئەوا بەیارمەتیی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان چیتر تەنها لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی ناوخۆیی ناخوێندرێنەوە؛ هەر هەنگاوێک دەتوانێت لایەن یەکێک لە هێزە گۆڕەکانەوە بە نیشانەی نزیکبوونەوە لە لایەنی بەرامبەر تەفسیر بکرێت.

ئەوە هەمان شتە کە لە سیاسەتیی نوودوودا بە (هەڕەشەی هەژمارکردن) دەناسرێت، زەرجار جەنگەکان لەوەوە دەست پێ ناکەن کە هەموو لایەنێک جەنگیان دەوێت؛ بەڵکو لەوەوە دەست پێ دەکەن کە هەر لایەنێک جۆرەی ئەوی تر بە هەڕەشە دەخوێنێتەوە، لەبەر ئەوە هەڕەمی کوردستان پەیوەستی بە سیاسەتێکی زۆر ڕوونتر هەیە، خاکی هەڕەم نابێت بە هەرشی هیچ لایەنێک دژ بە دراوسێکان بەکاربهێنرێت، هەروەها هیچ دراوسێیەکیش نابێت مافی ئەوە بە خۆی بدات کە هەڕەم بە ناوچەی نفوز یان مەیدانی هەڕەشەی خۆی بزانێت.

کوردستان لەو قەناغەدا پەیوەستی بە دڵەری وداستان و جەنگ نییە؛ پەیوەستی بە دڵەری و داستانی دیپلۆماسی و عەقڵی سارد هەیە، بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان لەوەدایە ئەو هێزی هاوسەنگیە بپارێزێت لە نێوان ئەمریکاو ئێراندا.

ئەگەر پەیامی هەرشەکە ئەوە بووبێت کە (ئەمە دەتوانین بگەینە هەولێر)، وەڵامی سیاسیی هەڕەمی کوردستان نابێت تەنها داواکردنی زیادکردنی چەک و پەداویستیەکانی خەپارێزی بێت، بەڵکوو وەڵامی ئاستەقینەی ئەوەیە کە کوردستان نە بنکەی هەرشە بە سەر دراوسێکانی، نە حەوشەی پشتەوەی هەر هێزێکی ناوچەیی؛ بەڵکو قەوارەیەکی سیاسییە کە بەرژەوەندیی خۆی لە ئارامی، هاوسەنگی و دوورمانەوە لە جەنگی بە وەکالەتدا دەبینێت، چونکە هەندیک جار لەو ناوچەی ئەمەدا، مانەوە خۆی لە خۆیدا گەورەترین دەسکەوتوو سەرکەوتنی سیاسییە.

جوتیار مەلائوف

ئایا گوفتارێ ساسیێکانی ئێج ئالان لێم قێناغێدا دروستن؟.. یاسین لێتیف

ێکۆشێی سیاسی کوردستانی باکوورو بێ دەست هێنانی مافی نەتەوایەتی و مافێ دیمەکراتیەکانیان پێویستە بێ ژیانی خەڵکی ئەو وڵاتەوو ئەوان بەرپرسیارن لێ بێ دەست هێنانیدا ،دواجار ڕاگەیاندنی پرسێی ئاشتی تایبەتە بێ خەیان چونکێ ئەوان هێزی چەکدارو ڕەخراوی سیاسی تایبەت بێ خەیان هەیێ ، هێروەها کارەکتەری سیاسی و تیەرسێنی سیاسیانیش هەیێ شرۆڤێی ئەو بابەتە بکەن و بەرچاو ڕوونی بێ گەلەکەیان بخەنە ڕوو .

ئەوان خەیان بەر پرسیارن لێ شەوازی مامەڵە کردن و هەڵبژاردنی پەکەوێ ژیان لێ نەو چ سیستەمێکی سیاسیدا گونجاوێ بەیان و لێ بەرژەوەندیاندایێ لێ کۆتایدا خەیان بەیاری لێ سەر دەدەن . بەڕام من وەکو هاوڕاتیەکی باشوور پەموایێ ئەوێی عەبدڵا ئێج ئالان هەنگاوی بێ دەنەت و دەستی داوەتە جەرەکێ لێ سیاسەتی ێیفەرمیستانێ ، جەرەکێ لێ هەڵەی سیاسی وەکو چەن لێ زیندان لێبڕاوەنەکانی خەی پاشگەز بوێوێ ، ئەگەر تەمەن بواری بدات هەمدیسان بەی ڕوون دەبەتەوەو ئەو کات دان بێ هەڵەکانی خەیدا دەنەتەوێ ، ئەم سیاسەتی سیاسیێتکێ بەهای نەهشتەتەوێ بێ ئەو قوربانیدانەی کێ بێ هەزاران مرۆڤی شەڕشگێڕ گیانی خەیان لێو پەناوەدا بەخت کرد ، من پەموایێ ئەم سازش کردنێ سیاسیێی سفر کردنەوێی تەکۆشان و ڕەحی بەرەنگاریێ، هێروەها تەرەز کردنەوەو خاو کردنەوێی خەڵکێ لێ ڕەحی شەڕشگێڕانێ ، وەکو ئەوێ وایێ ئەم کارەکتەرێ سیاسیێ سەرکردایەتی ئەو شەڕشێی نەکرد بەت کێ ٤٠ هەزار شەهیدی داوێ لێ پەناو وەر گردنەوێی خاکدا ، بەڵکو گوزارشت کردنێ لێ سیاسەتی ڕەخراوێکی ێیفەرمیست کێ کۆشێی خاکی نەبەت تەنها کۆشێی مافی مەدەنی و ژیانی ڕەژانێی خەڵکی هەبەت ، دواجار کاتو مەژوو هەڵە سیاسیەکانمان بێ دەسەڵمەنەت . ئەوێی ئەو دەیکات شوێن پەهەڵگردنەوەو لاسایکردنەوێی ئەنارشیزمەکانێ لێ سەردەمی مارکسدا وەکو باکەنیین و بلانکی دژ بێ کایێی دەوەت و هەر جەرە دەسەاتێکی سیاسی بوون ، هەرچەندێ ئێج ئالان لێ نوسینەکانی لێ زیندان بێ زەنجیرێ پەرتوکگەلێک کێ بێ ناوی بەرگیرینامەو مانیۆفیستێی دیمەکراتیک لێ شوێنێک خەی ئاماژێی پەدکات و دەڵەت دوو هەنگاو لێ ئەنارشیزمەکان نزیک بووماتەوێ .

ەستە هەڵوێستی جیۆپۆلەتیکی کوردستان لە دەخی سەربەخۆیی ئامانجەو بە فاشیزم دەورە دراوە بە کۆنداکت کردن بە دونیای دەرەوە ، بەڵام شەڕشگێڕان دەتوانن و دەکرێت لە ڕووی سیاسەوە سود لە کەمەندک فاکت وەر بگرن بە خێ گونجاندنی سیاسی بە نموونە لە ناکۆکی و دوژمنایەتی مێژووی نێوان تورکو فارس و هەروەها فارس و عەرەب و عەرەبو تورک وەر بگرێت و درێژە بە شەڕش بدەن و ئاسایشی سیاسی خەیانی پێ بپارێزن تا وەر گردنووی خاک ، ئاوەی عەبدێا ئۆج ئالان دەیکات بە سیستەمکو کەمەندگایەک دەشێت و دەست دەدات لە ڕووی دیمۆکراتیەوە پێرفێکت بێت ، بەو مانایەی هەزە سیاسیکانی نێو ئۆو سیستەمە لانیکەم بەنی دیمۆکراسیان لێوە بێت و نێتوە پێرست نەبن ،ئێستا لەم قۆناغەدا لە جیهان سیستەمی دیمۆکراسی و لیبرالیزم لە قۆیرانێکی قووڵدایە ، هەروەها دیمۆکراتی نێک لە تورکیا تەنانەت لە قۆای سەرمایەداری ئەمریکاو ئەرپا لە پاشکشەیەکی گەورەو ئابووبەرانە دایە ، بە پێی ئۆو جۆنکو کاولکاریەی ئەمە لە هێژەمۆنات و جیهان بە هێوە دەچێت و ئۆو قوتب بەندیە ساسیەی لە نێوان دەوڵەتان خێ مانقیستە کردووە جیهانی سیاسی ژان دێگرێت بە هاتنە کایەی سیستەمکی سیاسەوە ئیتر نازاام ئۆو سیستەمە سیاسیە چ جۆرە سستەمک دەبێت و چ جۆرە ناوکی لە دەنرێت ، تەنانەت لە ئەرپاو ئەمریکا کە لانکەی دیمۆکراتیە کەمەندک یاسا هەن لێو وەاتانە پارێزگاری لە ژیانی ئینسان و هەڤاهیەتی ژیان دەکەن لێی پاشگەز بوونەتەوە و ، لە گەڵ ئەوشدا بە ئاشکرا لە هێژەمۆنات ناوەڕاست تیرێریزم دژێنن نمونەش هێنانە سەر دەسەاتی ئەحمەد شەرع . بە هەر حاڵ زەمەن و مێژوو لە پێشماندایە بەمان ئاشکرا دەبێت ئایا ئێم هێنگاوانەی ئۆج ئالان هەڵەی سیاسەن ؟ یان هێنگاوی سیاسی دروست و حەکیمانەن ؟ .

یاسین لەتیف

بە تۆباشیرێک لەسەر دیواری

تاریکیی ناخمان.. .. پاڤ ساح

ئەم لە ساتەوەختەکدا دژین کە دونیا بەر لەوی بەهای تەقینەوەیەکی گەورەو کەتایی بێت، بەهای دامانی هەواش و بەدەنگی ناوەوی مرۆڤەو تەواو بووە. سیستمی ئەم ئەم مەکینە دەقی لەسەر زبەدانی ڕوحی ئەم کار دەکات تەنیا زەوی داگیر نەکردووە، بەڵکو تەواوی ئەو هەوا و فەزایەشی مژیوە کە مرۆڤ دەیتوانی تێیدا هەناسەی ئازادی بدات.

کۆپیتالیزم و لەژیکی بەبەزەییانەی سەردەم، مرۆڤیان لە بوونەکی ئەنتەلەژی و پرسیارکەرەو گەیوە بە ئەبجەکتەکی بێگیان لەناو ڕەفەی فرۆشگاکاندا،ئەم چیتر لەناو جیهاندا ناژین،ئەم لەسەر تەرم و خووزی جیهانەک دەکەین کە سیستمەکە پشووختە سووتاندوویەتی.

ئەو ئاوابوونەی ژان بەدریار قسەی لەوە دەکات، چیتر تەنیا ئاوابوونی زمان یان هەمایەکی ئەدەبی نییە،ئاوابوونی ئاستەقینەی ئینسانە لەناو پووچییەکی سەرتاسەریدا. لای هایدگەر نیگەرانی و دڵستبەربوونی مردن هەکاری ئاسپاردنی مرۆڤ بوون بەرەو ڕەسنایەتی، بەڵام ماشێنی سەردەم تەنانەت هەشیاریی مردنیشی لە سەندووینەتەوە. سیستمەکە ڕەگەمان پەنادات بە مەزنی بمرین،بەڵکو بەکارهێنانمان دەکاتە بەدیلەک بۆ ژیان و لە پەراوێزی بەدەنگیدا، بۆ ئەوەی کەس بۆ ئاوابوونمان بزانێت خەفەمان دەکات.

دامانی ئەخلاقیی سەردەمەکە ڕەک لەوەدا بەدەر دەکەوێت کە بەناوی ئازادییەوە، گەورەترین زیندانیان بۆ ڕەحمان دروست کردووە،هان ئاستی دەکرد ئەم سەردەمی پان ئۆپتیکە بەسنوورکانە، بەڵام ترسناکییەکە لەوەدایە کە چیتر پێویست بە چاودێرێک ناکات لە سەنگەی سەربازگەکانەوە سەیرمان بکات ئەم خەمان بووینەتە پاسەوانی زیندانی خەمان،ئەم بەدەستی خەمان زنجیرەکان دەبەستین و ناوی دەنێین سەربەستی. لەم مەسخانەیەدا، ئازادی لە یارییەکی مار و پەیژەی مەترسیدار زیاتر هیچی تر نییە،لەو ساتەی وا هەست دەکەیت فەیویت، دەستێک لەسەرەوە دێت و بۆ زەویدا دەتداتەوە.

ماڵ ئەو ئەبجەکتەی کاتێک هەمای دنیایی بوو ئێستا تەنیا ڕەمزێکە

بە ئاوارەیی، ئەم هەموومان پێناباری ناو جەستە و ناو کەمپە بەدیوارەکانی سیستمین. ئاوابوونی ئینسان واتە کۆتاییهاتنی توانای هاوکێشەیی، کۆتاییهاتنی ئاوێنەک کە بە بەرژەوەندی نانوسرابێت، و ئاوابوونی ئەو دراوسێیەی کە دەیوت تۆ "تەنیانیت".

سەردەمی ئەم سەردەمی شەمەک و یەکشەممەی ناکۆتایی،خولانەوەیەکی بازارکەر لەناو ئەندازیارییەکی سارد کە کەس تێیدا ڕزگاری نابێت، وەک جەستن لە فیلمەکەی لارس ڤۆن تریەردا، ئەمەش دەزانین ئەستێرەی پووچی بەر جیهانەکەمان کەوتووە و هەموو شتەک هەپووون بووە، بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە خەڵکی ئەم عەسرە هەشتا بە دڕی باڵدارەوە، بە زەردەخەنەی درزنانەی تەکنەلۆژیا و بە ئومێدی وەهمی، ئازاری ئەم کارەساتە هەور دەکەنەوە.

سیستەمەکە لەبەگەی لۆژیکی پەلەکردنەوە کاتی لە زەوت کردووین و ژیانی کردووەتە خولانەوەیەکی بازارکەر لەناو بازنەیەکی بەتاڵدا. لەم سەردەمەدا بەدبەختی چیتر ئارامی نییە، بەڵکو وەک خۆرناکترین تاوان سەیر دەکرێت،سیستەمەکە ناهەڵێت بەدبەختی بێت چونکە بەدبەختی ئەو سەکۆیەیە کە ئینسان تێیدا لە کارەساتی ئاوابوونی خۆی دەگات. لەبری ئەوە، ئەمەی غەرقی ژاوەژاوێکی بەردەوام کردووە تا تەنانەت دەرفەتی ئەوەشمان نەبێت بەدیار بڕینەکانی ناوەوەمانەوە بگرین. کات چیتر زەمەنێکی وجوودی و ئەزموونکراو نییە لای مرۆڤ، بەڵکو بووەتە ئیقاعی ساردی مەکینەیەک کە بەردەوام بەسەر جەستە و ڕۆحماندا تێدەپەڕێت. ئەم چیتر ناژین، بەڵکو تەنیا پەلەمانە بە ئەوەی لە کاتی کۆنترۆکراوی سیستەمەکە دوا نەکەوین.

لە بازاڕی گۆڕی نیولیبرالیزمدا، تەنانەت پیرۆزترین هەستەکانیش بوونەتە کاڵا. ئەوین و هاوکێشەیەتی کە سەردەمانێک دوایین سەنگەری پاراستنی مرۆڤ بوون بەرامبەر دڕندەیی جیهان، ئێستا خراونەتە خزمەتی نمایشکردنەوە. ئەم لە جیهانێکدا دەژین کە پەیوەندییەکان بەر لەوەی ببنە ڕابوونێکی ڕۆحی، دەبنە هەژمارێکی بانکی و کارەستەیەکی مەسرەحیی،ئاوێنەک کە نەکرێتە نمایشی تەواوکەمایەتییەکان و نەکەوێتە ژێر چاودێری لۆژیکی بکارهێنان، لای مرۆڤی ئەمڕۆ بوونی نییە. سەردەمی ئەم سەردەمی داماتی هەواشی سەزە،ئەو جارە لە دەشکانەی پێشتر بەرامبەر لەدەستدانی مرۆڤێک تووشمان دەبووە، ئێستا جگەی خۆی داوە بە بێباکییەکی پەروەردەکراو. ئەم فەرکراوین مرۆڤکانی دەوروبەرمان وەک ئەبجێکت و ئامێری کاتی سەیر بەوانین شتێک کاتێک بکاری دەهێنیت و کاتێک بە کێک نەهات فڕێی دەدەیتە ناخشترین زبڵدانی فەراموشییەوە.

ئایا ڕاکردن لەم مەکینە گەورەیە مومکینە؟ کاتێک دڵەوز باس لە هەڵەکانی هەڵهاتن و جووڵەی مۆلیکۆلار دەکات، ئاماژەیە بە دوایین هەوڵەکانی مرۆڤ بۆ دروستکردنی درز لە دیواری سیستەمەکەدا. بەڵام کارساتێک لەوەدایە کە سیستەمەکە تەنانەت بیرکەی شکۆش و ڕاکردنیشی کردووەتە بەشێک لە کارەکانی خۆی. ئەمە کاتێک پەمانوایە لەگەڵی هونەر، شیعر، یان پەنابردن بۆ گۆشەگیری ڕزگارمان بووە، دەبینین هێڵ لەناو جەرگەی دەستبەسەرداگرتنی سیستەمەکەداین. دیواری کۆنکرێتیی سەردەمەکە بەجۆرێک بۆیەکەوە بەستراوەتەوە کە ڕاکردن بڕەو دڕەوە تەنیا دەتباتەوە بۆ کەمپێکی دیکەی ژێر چاودێری. گیانەوە بۆ ماڵ، بۆ ئۆو ئاسودەییی دەرینەی ساڵانێک ونمان کردووە، بووەتە خەونێکی مەحاڵ.

سیستەمەکە وا هەستمان پێدەکات کە ئازادین لە هەڵفیندا، بەڵام قەفەسەکەی ئۆوەندە گەورە کردووەتەوە کە دیوارەکانی نابینین. ئەمە لەبەردەم ئاوابوونێکی یەکجارەکیداین،ئاوابوونێک کە نە پێغەمبەرێک دەتوانێت ڕایبگرێت و نە شەشێک دەتوانێت دیوارەکانی بوخێنێت. تەنیا ئۆوەندەمان لەدەست دێت، لە بەدەنگیی شوانی تەنیایی‌ماندا، سەیرێکی ئۆو بشایی قووڵەی ناخمان بوانین و بە دەباشیرێک لەسەر دیواری تاریکی ناخمان بنووسین:
ئینسان ئاوا بوو،کەسیش نەیویست تێبگات.

ژانەك.. نەژاد عزیز سورمێ

ژ و مانگ و ساڵ بەسەر ناچن، ئەوە ئەمەین وەك سەبەرەك تارمایی خۆی لە خانوویەکی کۆنی قوڵ بەجێهێشتبێ پەیدا دەبین..
بەم هەوایە، ڕابردوو وا دێتە بەرچاو دوا جگەرەی تەمەنمان بە تەنهایی بکێشێ ..
سەز بێ گەڕانەوە ، هەمیشە ڕابردوومان بە سیمایەك دێنێتەوە بیر ئاسەواری لە دێ دا نەسڕاوەتەوە..
ئەمە بیری شوێن وەك شوێن ناکەین، بیری شوێن بەو ئاراستەیە دەکەین بەشکی زیندووی ڕەحمانی تێدا ماوە..
بۆیە ڕابردوومان پێ جوانترە.. بۆیە عاشقی نۆستالیژیاین چوون لە خەیاڵی خۆماندا هەمیشە هەڵپەمان بێ ڕاگرتنی کات یا گەڕاندنەوەی

ەانەگرین..
هەر لەم ەاستەشدایە مرۆڤ لەو نادیارە دەترسێ، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان
دەبێتە شتگەلێك سەزمان بێی دەبزوێ..
یادگارییەکان کە زادەی کات و تەمەنێك و هشیارییەکی دیاریکراون،
شەرەنگی نێستالیژیامان پێ هەئێدەن.. ژیانمان بەبیر دێننەوە کە
نەدەبووایە وەکو هاتبوو ەابڕێ .
ئەم یەك دوو دێرەم بێ شیعرێکی شاعیری لوبنانی (مونیر بو عەساف)
کە بە زاری لوبنانی نوسراوە و هونەرمەندی جەزاییری (وەردە) لە
دوا ستانیدا چڕیویەتی، وەك بڕی ئەو خانمەی لە دوا ساتەکانی
ژیانیدا ئەو ڕۆژانەی بیر کەوتبێتەوە و لەگەڵ ڕۆحی ئەوان ڕۆژاندا
بدوێ و کات بگەڕێنێتەوە کە ناگەڕێتەوە وەك خوولیا و پەرۆشی بێ
ژیان، کە مەگەر بە دەگمەن دەنا بە بێباکی و شاشی و تێنەگەیشتنی
مەوداکانی بەڕێ کراوە و
دەکرێ ..

ڕۆژانێك

ڕۆژانێکمان بەسەر برد
گەر تێماندابووایە دەمانگەڕاندنەوە..
بمانتوانیبووایە
کاتەکانیمان،
کە نهێ بووە بە یادگاری
دەگەڕاندەوە..

بەڵام ئەفسووس ژیان!
کات دەڕوا و
ناتوانین بیگەڕێنینەوە
گەر بمانتوانیبووایە،
ئەو خۆشەویستانەمان دەڕنانەوە
لێیان جودا بووینەوە ..
ئەو هاوڕێیانەمان ئاشت دەکردنەوە
دڵمان ئێشاندوون..
دەهاتین،
لەوانە خۆش دەبووین
بریندارییان کردووین ..
ئەوەشی جارێ
ئێمە بریندارمان کردووە
پێی دەڵین بمانبەخشە!

ئای سا□انی تەمەن!
گەر بمانتوانیبووایە
□ابردوومان بھ□نینەوە
تا هەر فرمێسک□کمان باراندبێ
بە پ□کەنین دەمانسڕیەوە..
□ەوا نییە □□ژگارمان ون کەین
کە نەتوانین بیگە□□نینەوە..

(*) دەقی شیعرەکەی (مونیر بو عەساف) □استەوخ□ لەبەر کاس□ت
لە گ□رانییەکەی هونەرمەند (وردە الجزائریە) وەرگیراوە .

جیهان لە□ناخمدا د□ژیت.. شیعری بابان ئیبراهیم

هاو□□م؛
ئ□م تاریکاییە□ی د□یبینیت
من و تۆ لە□ی بخ□بەرین
ئ□م تاریکاییە□
سەبەری م□شخ□□کە□ بەدەستی خ□رپ□رستانەوە
م□ژوو دایگیرساندووە□.
زەر د□مەکە□ خ□ونە□ □□شنەکان
لە□م تاریکاییە□دا ون بوون
ئ□م□□ خ□ونەکانی ئ□مەش نا□ن

د□□یت بە□□حم و خ□مساردم
هاو□□م؛
تۆ گوێت لە□ قرینجانی ئ□سقانەکانم نیە□،
لە□ نەغمەی سەاویکدا.
تۆ وەر□ ناخی من ببینە□
کە□ لە□وەدا سەاو د□کەیت
هەزاران خ□می تۆ
هەزاران خ□می ئ□و

هەزاران مرۆڤی ونبوو دەبینیت
دەینەوە سەرپە بە وەهام دانەوەت.

تە لەم مەگرە
ئەمە وەک لانەوازەک
جیهان لەناخمدا داددەی داوە
جگە لە گەلانەوە بە ئەوە
جگە لە هاودەمی ئەو هەزارانەی لەناومدا دەژیت
جگایەکی تر شک نابەم.

دەبیت مرۆڤکی تەنیام و هاودەمکم پەویستە
تە نازانیت بە تەمەتی خەمساردی و بەحمیم
ئەوانیش چەندەک سزام دەدەن
من چەند بارەو ئەوە دەم
ئەوە وەک سەرابەک دوورتر دەکەونەوە
ئەمە جیهان
هەموو پردەکانی بەستنەوەی مرۆڤاکانی بەیەکتر لەدەستداوە.

تە دەبەت بزانیت لەم تاریکاییەدا ناتناسمەوە
لەم چەقوانییەدا هەکەوتی بینینەکت ناکەم
بەهام وەک داهەەک لەەوحی مندا
دژ بە تاریکی دەرەوە دەجەنگیت.
وا کە پایەکانی جیهان دادەمەت
پارچەکانی لەناخمدا کەدەکەمەوە
وا کە هووخسارت کاە دەبەتەوە
من لەناخمدا دەتناسمەوە
تە دەبەت بزانیت
تەنیا لە ناوەوە دەتبینم
هەر کە دەرگای ماەکەم دەکەمەوە
تاریکی دەمپەشەت و
خەشم ناناسمەوە.

تەمەت لە بەدەنگیم دەگری
بەهام من وەک بەچارەیەک
هاواری قارەمانەک لە ناخم دایە،
بە مردنی کەترە سپیەکان دەگری.
لەناخمدا جەنگەکی گەورە دژ بەبەدەنگی هەیە
بەهام بەەم چی،

مەژوو نامبیستەت.

ئەمە هەموو دەروازەکانی وشە
بەسەر لەوەوە داخراون
وا دەبینم لەوەکانی تەش وشک دەبنەوە
من دەنیات دەکەمەوە
بە هاودەمێک تەنە نابنەوە.

پەم دەڵێیت مرۆڤکی ڕەشبینم
کە بەدەم ئەم ژیانەوە پەناکەنم
هاورەم تە نازانیت
من سە لە بچووکترین پەکەنین ناکەمەوە
بەڵام هەر کە لەوەکانم دەبزوێن
خوێنی هاودەمەکانم لە دەم دەڕژێت
گەر بەردەوام پەبکەنم،
(ئەم شەقامانە بە خوێن سوور دەکەم)
من بەچارەیەکم،
جیهان لەناخمدا دەژیت...

ڕەنگە ڕەژەک لەچاوی تەوە بە هەمیشە ون بم
دەنگەک نەبیستیت لە منەوە
دەشێت پەتوابێت ئیتر مردووم
بەڵام لە حیکایەتی ئەم مەژووە دەڵێقەدا
هەمیشە زیندووم...
ئەوەی تە پەی دەڵێیت مردوو
تەنها ونبوونەکە
هەرکاتەک چوویتە قوڵایی ناختەوە،
لەوەدا دەمدەزیتەوە
کاتەک سەاو دەکەیت
لەگەڵ هەزاران ونبووی دیکەدا
دەینەوە سەرپە بە وەڵام دانەوەت.

لە ناخی بەردەکەوە.. شیعری سەران محەمەد

لە ناخی بەردەکەوە
نالین دێتە گوێ،
زەمانێک خەردبێتەوە
خەڵر دەبێتەوە…
هەر ناگاتە جێ.
چەند تاریکە
ئەو خەونەی
لەوێدا دەبینرێ؟
بەردەوام
بە بەرکەوتنی زەبرا،
دێ تەکەهاتنی ئەوارەو
شکانی سەری سپێدەیا
تێپەڕ دەبێ
[*]
ئەو خەونانە چەند تاریکن؟
لە بندیوارەکانی مەحاڵا
گرمەڕە بوون
پێ لە دەوجامێ،
لەو چاوە بە پەڕوانەی
کە ناتروکێن،
تژی لە بیانوی نەخۆش و
ئێسکی ئەو پەنجانەی
بە ئیسفەنجی کینێ
پێ لە کەفی دەدەنگی و
زوخاوی ناگەهانی ناکەسکاریی،
بزە ساویلکەکانی
سەر تەختەشەکانی ژیانی
پێ دەسەردێ!
[*]
سەیرێ
شانی چەندە لارێ؟
ئەو هەسارە گڕکەی

بۆ پۆری ڕەختەری تۆڵلا
هاوسۆنگی تیادا نابینرێ،
پێاوپۆ سیزیف و
تاشەبەردی فریوەکان
عەجەب کەوا نغرۆ نابێ؟
[*]
مسوەدەی ئەم تەمارە
قولنچکە بەشایی تیا نەماوە
تا بە هیوای درێنە
بسپەردرێ،
کەچی هەشتاش
تەجەللای ئەو ڕوحە شکەتیە
یەك، یەك سەرە لە تارماییەکان
ئەگرێ،
تا بە ساتەکیش بە
نەرگزجاڕ لە ئامەزی جیلۆیا
تەر بنوێ
[*]
چاوەك لەسەر ئا
ناتروکێ
لە پشت ئاوێنەکانەوە،
لە نەوان درزی پەردەکانەوە،
لەودیو پەنجەرە داخراوەکانەوە،
سەیرەکا
قاقای چرکە ساویلکەکان،
تەپوتۆزی ڕەشبەڵەکی نادانیەکان،
لوشکەی لەچەکی سەغڵەت...
لە پەچەکا لوشی بەدەنگی خەی دەدا.
ئەوان کە سەر
پلیکانەکانی ئەکەون و
نایبینن،
لەسەربانەکەی دەنون و
گوێیان لە دەنگی هەناسەکانی نابێ،
ئەو
کە ژیانێ و
ئەمەش مەرگ..
[*] [*] [*]

پێکەوەگرێدانی هورمز و بابلمەندەب!.. عوسمانی حاجی مارف

مەترسی ڕاستەقینەی ڕژێمی حوسێینکانی یەمەن، لەوەدایە کە هەر هەوڵێک ئەیدەن بۆ داخستنی گەرووی بابلمەندەب یان تێکدانی کەشتیوانی بۆ قەبارەیەکی گەورە، لە بنەڕەتدا سروشتی خودی ململانێ و شەڕی ئەمریکا و ئێران دەگۆڕێت، واتا دەبێتە ڕووبەڕووبونەوەیەک کە کاریگەری لەسەر بەرژەوەندیەکانی نەوان واشنتۆن و تاران هەیە، لەهەمانکاتدا کەمتەرخەمی نەبوونێتی خۆی لەبەردەم قەیرانێکدا دەبینێتەوە، کە هەڕەشە لە سەر یەکێک لە گرنگترین خوێنبەرەکانی بازرگانی جیهانی دەکات.

هەوڵی هەریەک لە حوسێیەکان و کەماری ئیسلامی ئێران، تەنها بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی مەترسی ئەمنی و بۆ ئامانجگرتنی چەند کەشتیەک، یان تەنانەت هەڕەشەکردن لە کەشتیوانی دەتوانێت بەس بێت بۆ بەرزکردنەوەی تێچووی کەشتیوانی و تێکدانی بازاڕی جیهانیەکان، بەبێ ئەوەی پەرەبستەنێت بە هەوڵوبونەوەی دەریایی تەواو، کە کاردانەوەکانی ئەستەم کەنتڕۆڵ بکرێت.

گروپی حوسێیەکان نزیک هەر لە هەوڵی هەڕەشەکردنن لە کەشتیوانی لە دەریای سووردا، بەڵکو بۆ دووبارە پێناسەکردنەوەی ڕەساکانی بەڕێوەبردنەکەی، بەرەو هەنگاوی سەپاندنی سوماتن بەسەر ئەو کەشتیانەی کە لە گەرووی بابلمەندەبدا تێدەپەڕن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی گەڕانکاریە لە ستراتیژی تێکدانی کەشتیوانیەوە و هەوڵدان بۆ گۆڕینی یەکێک لە گرنگترین خاڵە خنکێنەرە دەریاییەکان لە جیهاندا، بۆ سەرچاوەیەکی کاریگەری سیاسی و ئابووری، ئەم هەنگاوە ئاوێنەی ئەو مەدلولەیە کە ئێران لە گەرووی هورمز دەستی بۆ پەرەپێدانی کردووە و قەناغێکی نوێ لەبەرامبەر ئازادی کەشتیوانی نەودەوڵەتی دەکاتەوە.

دیارە ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێران، تەنیا لە کێندای عەرەبی و گەرووی هورمزدا قەتیس نەماوە، بەڵکو دەستی کردووە بۆ درێژبوونەوە بەرەو دەریای سوور، کە گەرووی بابلمەندەب وردە وردە دەبێتە یەکێک

لە مەترسیدارترین شێوە لە شانەکانی ڕەوبەوبونەوە، ئەم گرووپە کە خوێنبەرکی گرنگە بە بازرگانی جیهانی، ئێستا لە هەگەی حوسییەکانەوە، چەقێکی موزایەدەی زیاد بە تاران دابین دەکات، کە کەمتر نییە لە توانا تەقلیدیەکەی بە هەڕەشەکردنی کەشتیوانی لە کەنداو، بەمەش هەڕەشەی فراوانکردنی بازنەی ململانێکان لە کەنداوەوە تا دەریای سوور دەکات.
لەگەڵ پەرەسەندنی گرژیەکان لە نێوان گروپی حوسییەکان، لە لایەک و حکومەتی دانپێدانراوی نێودەوڵەتی یەمەن و سعودیە لە لایەکی دیکەوە، ئاماژەکان زیاتر دەبن بە ئەوەی یەمەن ببێتە گۆڕەپانی شەڕی داهاتوو لە ململانێی ئەمریکا و ئێراندا، کە کاردانەوەکانیش لە دەرەوەی ناوچەکە درێژدەبێتەوە و کاریگەری لەسەر ئابووری جیهانی و ئاسایشی بازرگانیە نێودەوڵەتیەکان هەیە.
لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ڕەوبەوبونەوەی واشنتۆن و تاران، حوسییەکان ئاستەکی سنووردارییان لە تەوگلانی سەربازیدا پاراست، خۆیان لە ئەنجامدانی هێرشەکان لە دژی ئیسرائیل قەتیس کرد، لە هەمان کاتدا چاوەڕێی پەرەسەندنی ململانێکان بوون، بەڵام پێشهاتەکانی ئەم دواییەی ناو یەمەن، لەگەڵ نوێبونەوەی گرژیەکانیان لەگەڵ سعودیە، وایکردووە ئەو گروپە ڕەوبەوبونەوەیەکی تووندتر بگرێتە بەر، بەمەش گرووپی بابلمەندەب بگەڕێتەوە پێشەنگی حیساباتی ناوچەیی و نێودەوڵەتی.
ئەم هەڵکشانە گوزارشت لە تێگەیشتنی حوسییەکان دەکات، کە جوگرافیا بەتە یەکێک لە گرنگترین ئامرازە ستراتیژیەکانیان، لە کاتێکدا کە گرووپی هورمز نوێنەرایەتی هێزی تەقلیدی ئێران دەکات بەسەر بازاڕەکانی وزەدا، بابلمەندەب توانای کاریگەری لەسەر ئەو کەریدۆرە دەریاییە دەدات کە دەریای سوور، بە کەندراوی عەدەن و زەریای هیندیەوە دەبەستێتەوە، کە هێڵێکی بەرچاو لە بازرگانی و دابینکردنی وزەی جیهانی کە بە ئەوروپا و ئاسیا تەرخانکراوە، بەو هێوایەدا تەدەپەڕێت، ئەمەش وا دەکات بتوانرێت لە یەک کاتدا لە دوو ئاراستەی باکووری کەنداو و باشووری دەریای سوورەوە فشار بخرێتە سەر ئابووری جیهانی.!
ئەم گەمانکاریە نوێنەرایەتی بازدانێکی چۆنایەتی دەکات لە سروشتی ململانێکەدا، ڕەوبەوبونەوەکە چیتر تەنیا لە ئەپەراسیۆنە سەربازیە ئاساییەکاندا سنووردار نییە، بەڵکو ئێستا بە ئامانجگرتنی خوێنبەرکانی ئابووری جیهانیش دەگرێتەوە، کە تێچووی هەر پەرەسەندنێک بە هەموو لایەنەکان بەرز دەبێتەوە، نەک تەنیا ئەو وڵاتانەی کە ڕاستەوخۆ بەشدارن لە ململانێکاندا.
پەدەچێت هەڕەشەکانی ترەمپ بە "سزادانی سەربازی گەورە" لە دژی

حوسیەکان و ئێران، هەوڵێک بۆ بەگریکردن لە هەر کارێک کە دەیانەوێت هاتوچۆی کەشتیوانی لە گەرووی بابلمەندەب تێکبدات، واشنتۆن ئەوە دەزانێت کە هەر پچڕانێک لەم ڕێگەیەدا کاریگەری ئاستەوخۆی دەبێت لەسەر بازرگانی جیهانی و بازاڕەکانی وزە.
لەم چوارچێوەیەدا بابلمەندەب وردە وردە دەبێتە خاڵێکی فشار، هاوتەریب لەگەڵ گەرووی هورمز، لە کاتێکدا ئێران توانای ئەوەی هەیە هێڕشە لە هەناردەکردنی وزە لە کەنداوەوە بکات، حوسیەکان توانایەکی زیادەیان پێدەبەخشن بە ئەوەی لە دیوی باشووری دەریای سوورەوە کاریگەری لەسەر بازرگانی جیهانی هەبێت، بەمەش بژاردەکانی ڕێگریکردن فراوانتر دەکات و حیساباتی ئەمریکا زیاتر ئاڵۆزتر دەکات، هەروەها کاریگەری باڵای دەبێت لە زیاتر پاشەکشەکردن بە دەوری سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا.
گەر بەم شێوەیە دەخڵکە پەرەبستێنێت، بابلمەندەب چیتر تەنیا ڕێگەیەکی ئاوی ستراتیژی یان دەڤەڕاوێکی ململانێی یەمەن نییە، بەڵکو دەبێتە یەکێک لە گرنگترین موزایەدەی ڕەوبونەوەی ناوچەیی نێوان ئەمریکا و ئێران، ئەگەر گەرووی هورمز دەروازەیەک بێ فشارخستنە سەر بازاڕەکانی وزە نوێنەرایەتی دەکات، ئەوا بابلمەندەب دەبێتە دەروازەیەکی کاریگەر لەسەر بازرگانی جیهانی لە باشووردا، بەپێچەوانەی هەر جارە هێڕشانەکی حوسیەکان وەک پەرەسەندنەکی ناوخۆیی یەمەن لەکنادرێتەوە، بەڵکو وەک بەشێک لە شەڕێکی فراوانتر بۆ ئاسایشی ڕێگا دەریاییەکان و داشتنەوەی هاوسەنگی هێز لە ڕەڤەڵاتی ناوەڕاست و لە ئاکامدا بە بەرژەوەندی ئێران لەکدەرێتەوە.
دەستپێشخەری حوسیەکان تەنیا لاسایکردنەوەی هاوپەیمانی ناوچەیی خۆیان نیە، بەڵکو دەڤەڕاوی کردەی ستراتیژیەکی ئێرانیە کە لەسەر بنەمای دابەشکردنی هێزی دەریایی لە نێوان گەرووی هورمز و بابلمەندەب دامەزراوە، ئەمەش ڕێگە بە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەدات نەک تەنها ڕووبەڕووی یەک تەحەددا، بەڵکو ڕووبەڕووی دوو بەرەی دەریایی بێیەکوە گرێدراو ببنەوە.
مەترسیەکانی پێژەی حوسیەکان لە هەوداندایە بە دامەزراندنی پێشینەیەکی نوێ لە بەڕووبردنی ڕووبەڕووی دەریایی نەودووتیدا، ئەگەر ئێران سەرکەوتوو بێت لە گەینەی گەرووی هورمز بە کەرەستەیەکی گوشاری سیاسی، حوسیەکان سەرکەوتوو بن لە دووبارەکردنەوەی هەمان مۆدێل لە بابلمەندەب، ئەوا ململانێکان تەنها لە ئازادی کەشتیوانیدا سنووردار نابێت، بەڵکو دەڕژێتەوە بۆ دووبارە کەشانەوەی یاساکانی کۆنترۆڵکردنی بازرگانی جیهانی و گەینی ڕێگا دەریاییەکان لە فەزای نەودووتیەوە بۆ موزایەدە لە

ململانێکانی ناوچەکەدا.
ئێران تەنیا پشت بە دەستاتی سەربازی نەبەستووە، هەوەدەدات ئەو جوگرافیایەی کە کۆنترۆڵی یەکەک لە گرنگترین خاڵە خنکێنەرە دەریاییەکانی جیهان پێی بەخشیوە، بگرەدرەت بە سەرچاوەیەکی کاریگەری سیاسی دەژخایەن.
ئەنگە لەم نەوەدا گرنگترین وانە و ئەزمون بە ئێران ئەوە بەت، کە ئاسایشی گرووی هورمز و بابلمەندەب چیتر تەنیا خەمی ئێران یان کەنداو و ناوچەکە نەبەت، بەکو بووەتە پرسێک کە کاریگەری لەسەر سەقامگیری تەواوی سیستەمی ئابووری نەودەوەتی هەیە. ئەمەش ئاسایشی بابلمەندەب دەکاتە پرسێک کە حیساباتی سەربازی تەدەپەنەت بە شێوەکی پێویست بە سروشتی دەوەت و ناسنامەی دەساەت لە کەناراوەکانی دەریای سووردا، لە هەمانکاتدا ئاستی ململانێ جیهانیەکانی وەاتانی زلهێزی دنیا بە ئاقارێکی تردا بە ەدەکات.
ەگا دەریاییەکان چیتر بارمتەی ململانێی نەوان دوو دەوەت نین، بەکو بوونەتە جێگەی ەشبگیری گروپە نەودەوەتیەکان و گەینی ئاستی هاوسەنگی لایەنەکان بەدەوەتەکان و گروپە میلیشیاکانەوە، ئیتر ئەمە ساتەکە لەئاستی جیهاندا کە تەنیا هەسەنگاندنی هەوەستەکان لەکناداتەوە، چونکە پێویستی بە پێناسەکردنەوەی چەمکی ئاسایشی ناوچەیی و نەودەوەتی و دەرچون لە قەیران و بارگرژی و جەنجاڵی هەیە!؟.

عوسمانی حاجی مارف

داهاتوی گرووپە میلیشیاکان بەرەو کوێ؟.. ئەحمەد کامەران

سەرەتای دروستبونی ئەم میلیشیانەی عێراق دگاەتەوە بە سااانی ابردوو لگاە سەرهەدانی گروپی تیرەرستی داعش . دواجار بە فەتوای سیستانی، عێراق پێ بوو لە هێزی چەکدار بەناوی حەشدی شەعبی ، سەرەتا خەیان وا نیشان دا هاوشانی سوپای عێراق ، وەکو هێزکی نیشتیمانی لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خەکی عێراق ەووبەوی تیرەر دەبنەوە. بەهەمان شێوەش لەنەو شەقامی عێراقیش بە هێزی گەل ناسران.

بەڵام لەپاش کۆتایی هاتنی داعش لەناوچەکەدا، دواجار هێزی ئیستقینایی ئەم میلیشیانە بەدیارکەوت . لەهەزی بەرگری گەلەوە بوون بە خزمەتکاری ئەجێندا سیاسیەکانی ئێران . بەڵام شتێک لەیاد نەکەین ، لەسەرتاوە ئەم گرووپانە بە بیاری هاستەوخۆی ئێران هاتنە دروستبوون، ئەمش بە دووئامانجی سەرەکی ، یەکەمیان مەبەست لە لاوازکردنی پێگەی تەواوەتی عێراق لەناوەندەکانی بیاردانداو، دووەمیان بە چاودێری تەواوی جموجۆڵەکانی ئەمریکا لەعێراق و ناوچەکەدا .
ئەم هەزە هێز لە دوای هێز بوونە ڤایرەسێکی نەگریس بە عێراق ، تەنانەت هەرەمی کوردستانیش قوربانی هاستەوخۆی دەستی ئەم میلیشیا بە سەروبەرانیە. بینیمان لەکۆتایی مانگی شوبات، لەگەڵ دەستپێکی هێرشەکانی ئەمریکا بەسەر ئێران ، گرووپە میلیشیا تیرەرستیەکانی عێراق بەبە هێچاوکردنی قەوارەی هەرەم و خاکی عێراق، ژەهری هەق و کینەی خەیان بەسەرماندا هژانن،هەرزوو دەستیان بە درێن بارانکردنی هەولێر و سلێمانی و ناوچەکانی دیکەی هەرەمیان کرد ، لەگەڵ ئەوەشدا شەهید و بریندارمان دا .
لە ئێستادا دوبارە هەمان سیناریۆی ساڵانی هابردوو باس و خواستی چەکدانانی ئەم گرووپانە لە ئارادایە ، تەنانەت ئەمجارەیان دوا مەهەتیان ٣٠ی ئەیلول، دەبێت تاوەکو پێش ئەو بەروارە کۆتایی بە کار و چالاکی ئەم گرووپە میلیشیا نایاسایانە بهێنرێت لەتەواوی خاکی عێراق . بە کۆتایی هاتنی ئەم گرووپانە ، دەتوانین بڵێین ئیتر سەروەری خاکی عێراق بەهێزتر دەکات و دەستی دەرەکی لەنێو خاکی عێراقدا کۆتایی پێدەهێنرێت. میلیشیاکان لە پاڵ ئەوەی تا سەر ئێسقانیان تاوانبارن و دەبێت لەگەڵ چەکدانانیان هاستەوخۆ لەپرسینەوەی یاسایی لەبەرامبەریان بگرنە بەر وسزا بدرێن ، کەچی مەرجەعی پشوختیان خستەتە بەر کابینەکەی زەیدی بە خەوشاندنەویان . لەهەرە مەرجەکانیان کە زەر بە ئاشکرا دژایەتی خەیان بە گەلی کورد و قەوارەی هەرەم نیشاندا ، داوا دەکەن بەهەمان شێوە پشمەرگەش وەکو میلشیاکان هەبوشنرێنەوە . بەڵام لەوە بە ئاگان پشمەرگەی قارەمان هەزەکی خەرسکیە لەنێو دڵی گەلی کوردەوە هەڵقوماوە، هیچ کاتێک بەدەستی دوژمنان کۆتایی نایەت .

بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوە ئایا کابینەکەی زەیدی تاچەند توانای بەڕێنگاربونەوەی ئەم گرووپانەی هەیە ؟
بە بەرچاو هوونی ئەم پرسیارە ، پێویستە بگەڕێینەوە بە کابینەکانی پشوی عێراق ،دەبینین بەهەمان شێوە هەوڵەکی زەر دراوە بە کۆتایی

هێنان بە کارەکانی ئەم گرووپانە، بەتایبەتیش لەسەردەمی سودانی هەوێی تەواوەتی درا بە داماڵینی چەک لەدەستی میلیشیاکان. کەچی دواجار بینیمان میلیشیاکان بەهێزتر دەرکەوتن لەگەڵپانی سیاسی عێراق، تەنیا کابینەی حکومەتەکان هاتنە گۆڕان وە هیچ دەستکەوتکی دەخەشکەرمان نەبینی. بەڵام کلیلی نەمانی ئاستەوخێی ئەم گرووپانە لە ئەستایە تەنیا پێویستە بە مان و نەمانی کەماری ئیسلامی ئێرانەوە. زۆر بە ئەستەم دەبینرێت ئەم گرووپانە بەئاسانی دەستبەرداری چەکەکانیان بن لەخاکی عێراق ، یانیش لە ئەگەری بەزۆر چەکدانانیان ،دەبێت عێراق بکەوێتە جەنگەکی ناوخێیی درێژخایەنەوە ، تاوەکو بتوانێت بەتەواوی ئەم چەکدار و گرووپانە بەیەکجاری لەسەر خاکەکەی دامالێت. من دەڵێم هیوادارم لەڕێگای زمانی دیپلۆماسیەتەوە کۆشکان چارەسەر بکرێت ، بەرلەوەی کارەکە بگاتە زمانی جەنگ . چونکە لەیادمان نەچێت جەنگەکە تەنیا شۆقامی عێراقی بەخێیوە ناگرێتەوە ، بەڵکو خاکی هەرەمی کوردستانیش دەخرێتە نەو گۆڕەپانی جەنگەکەوە .

لە ئەستایە تەواوی چاوەکان لەسەر سەرەک وەزیرانە گەنجەکەی عێراق عەلی زەیدی دایە ، ئاخە تاچەند دەتوانێت بە هوحەکی گەنجانەوە زاڵ بێت بەسەر تەواوی قەیرانە پیربووەکەی عێراق؟